www.kurdistannet.org
20-10-2005 20:39  بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# حزبی کۆمەنیستی ئێراق کێن؟؟ ... جەمال فەتاح

دیارە بەدرێژایی شۆڕشی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەکەمان لەدژی داگیر کەرانی بەتایبەتی لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە کەلەباشوری کوردستاندا دەستی پێکرد. چەپەکانی ئێراق وکوردستان لەژێر کۆمەڵێک ناوی جیاجیادا هەردەم وەک چەقی لای پەراسو بەجۆرێکی چەواشەکارانەو بەکۆمەڵێک دروشمی بریقەداری بێ ناوەرۆک یان کۆمەڵێک وتەی قەبەو بێ کردەوە هاتوون شانبەشانی زوڕنای داگیر کەران دژی شۆڕشی ڕەوای نەتەوایەتی گەلەکەمان ودژی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان لەبەر ژەوەندی داگیر کەران وەستا ون. بەڵام کەزانیویانە وشەی بریقە دارو وتەی قەبەو قەڵەوی بێناوەرۆک نەکار لەڕیزەکانی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان ئەکات ونەتۆزکاڵێکیش کار لەورەی بەرزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەکات پاشان جادووکارانە وەک کورتانی جەجاڵ ناچاربوون هەموو بارنامەتێکشکاوەکانی خۆیان ئەگۆڕی ودیوێکیتری قەوانەکەیان لێئەدایەوەو ڕەخنەشیان لەوانی پێشوتر ئەگرت وبەبارنامەیەکی تر بەڵام لەسەر هەمان تاسە شکاوی حەمام ئەکەوتنەوە دژایەتی بەرژەوەندیە ڕەواو پیرۆزەکانی نەتەوەکەمان. ئیتر ئەم چەقانەی لای پەراسوی شۆڕشی کورد هەرسەردەمێک بەکۆمەڵە دروشمێکی بریقەدارەوە پەیدا ئەبوون، بەتایبەتی لەکاتێکدا شۆڕش گەشەی ئەکردوو شەقامەکان پان ئەبوون پەیدا ئەبوون، زۆر جاریش بەڕاشکاوی داخوازیە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانیان بەداوایەکی شۆڤێنی وڕەگەس پەرستانە ئەژمارد لەبەر ئەوەی جەنابیان ئومەمی وجیهانگیر بوون وسەرانی دیکتاتۆرو خەفەقانی ئاغاکانیان لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران وچینی میللی وباقی دیکتاتۆرە سەقەتەکانی تری کۆمەنیستی خاکی چەندین گەلونەتەوەیان داگیر کردبوو وەدەستیان بەسەر سامان وهێزی کاروبەرهەمیاندا گرتبوون بۆیە کۆمەنیستەکانی ئێراقیش سەرەڕای وتەی داگیرکەرانی کورد وتەی زوڕناکانی بەرەی بەناو سۆشیالزم یان ئەجویەوە. ئێستاش کەلەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کۆتایی بەستەم وزۆرداری زیاتر لە70 ساڵی ئەوسۆشیالزمە درۆینە هێنرا لەسەرانسەری ئەوروپا دابەگشتی وسەرکردایەتیەکەیان کەیەکێتی سۆڤیەت بەتایبەتی سەرەتا بە بڕیاری پرۆستەریکاو گلاسنێس ی میخائیل گۆرباچۆفی دوا سکرتێری حزبی کۆمەنیستی یەکێتی سۆڤیەتی جاران ودوای ئەویش لەلایەنی ڕقی پیرۆزو پەنگ خواردووی حەفتاساڵەی کۆمەڵانی قەڵاچۆو خەفەقانی سۆشیالزم زەدە وئەونەتەوانەی کەداگیر کەری بەناسۆشیالزم داگیری کردبوون کۆتایی بەدەسەڵاتی خۆسەپێن ولەخۆڕازی بەناوسۆشیالز هێناو لەم وڵاتانەدا بیری بۆگەن وسەرەکانیشیان بۆدواجار فێڕێدرایە زبڵدانی مێژوو لەوانە یەکێتی سۆڤیەتی جاران وڕوسیای ئێستا، یوگوسلاڤیای پێشوکەئێستا بۆسنە و هەرسەگۆڤینیا و کرواتیا وسربیا وهتد. . لێدروست بووە، پۆڵۆنیا و ڕۆمانیا و بولگاریا و ئەڵمانیای خۆرهەڵات و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا وبەلجیکا وهتد. .

بەم واتایە ئەو فەلسەفەیە هەرچەند لەبنەڕەتدا فەلسەیەکی ڕاستەو داڕێژەرانی ئەوفەلسەفەیە وەکو مارکس وئینگڵیس دوو بیرمەندی بەتواناو ڕاسگۆ بوون لەبەرانبەر ئەر بیرەو گشت چەوساوان وزەحمەتکێشاندا. بەڵام لەبەر ئەوەی هەمیشە لەلایەنی کۆمەڵێک سەرانی دیکتاتۆری دڵڕەقی وەکو ستالین وچاشیسکۆ و هاو شانەکانی ئەوانەوە سەرکردایەتی ئەو ڕێبازەو ئەو فەلسەفەیە کراوە بویە هەردەم بەرەو هەڵدێرو

ملشکاندنیان بردووە و لەبن ناوی کۆمەڵێك دروشمی هەمیشە بریقەداری بێ ناوەرۆک وبێ کردەوە دا گەلانی کۆمەنیست زەدەو چەوساوانی گەلانی کۆمەنیست زەدەیان توشی جۆرەها قەیران ومالۆێرانی کردووە کە تا دێر زەمان بەڕووی ژیانی سیاسی وئابوری وئیداری وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیری وپیشەسازی وکەلتوری مێژوویی وهتد. . . . . ئەگەلە ستەمدیدانەوە دیار ئەبێت وپڕکردنەوەی هندێکیشیان تاهەتایە محاڵە پڕبکرێتەوە.

کۆمەنیستە دوامۆدێرنەکانی ئێراقیش کە لەدوای مردنی حکمەتیار بوون بەدووبەش وخۆیان ناونا حزبی کۆمەنیستی ئێراق، سەرەڕای ئەوەی وەک پیشەی هەر چەپو کۆمەنیستێک ئەیانەوێت کودەتا لە حزبی شیوعی ئێراق و حزبی شیوعی کوردستان و سەرجەم لایەنۆکەی چەپەکانی تری کوردستان بکەن و وەک هەمیشە لایەنە چەپەکانی پێش خۆیان بەهەڵە ئەزانن، لەهەمانکاتدا ئەیانەوێت بەخەیاڵی خاویان لە وەزنی کێو ئاسای لایەنە نەتەوەیی ونیشتمانیە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بەگشتی وهەردوو لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانی کوردستان بەتایبەتی کەم بکەنەوە. بۆیە وا بەچەپوبەڕاستدا تێکەوتون وکێچێک ئەکەن بەگایەکو هەموو ڕاستیەکان بەئاوەژۆ کراوی ئەخەنە ڕوو چی لەسەر سایتەکان وچی لەسەر ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، ئیتر کەوتوونەتە لێدانەوەی قەوانە کۆنو سواوەکانی پێش خۆیان وچەندین ساڵەی ئاغا کۆمەنیستە دیکتاتۆرەکانی مێژوی جیهانی سواو وڕووخاوی بەناوسۆشیالزم، بەناو بەرگری لەچەوساوان ئەکەن ودروشمی ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن ودروشمی درۆینەی بەرگری کردن لەچینی کرێکاری نەبووی ئێراق و کوردستان. بێگومان وەک لای هەموان ڕوونە لەسەرانسەری ئێراقدا بەگشتی ولەکوردستاندا بەتایبەتی نە هێشتا پرۆتۆکۆل وکومپانیای پێش کەوتوی ئەوتۆ هەیە هەتا کرێکار بچەوسێننەوەو مافەکانیان پێشێل بکرێت، نەڕژێمێکی دەرەبەگایەتی نەلەئێراق ونەکوردستاندا هەیە تاکو جوتیاران وکرێکارە کشتووکاڵیەکان بچەوسێنێتەوە، لەبەر ئەوە بەواتا زانستییە کەی نەکرێکار هەیە وەکو چینێکی چەوساوە بچەسێنەوە لەئێراق وکوردستانداونەکارگەو کومپانیای پێشکەوتوو هەیە تاکوئێستاش تاکو مۆنۆپۆلی سەرمایەو کومپانیاکان بکات وەکو وڵاتانی خاوەن پیشە سازی پێشکەوتو تاکو پێویستی بەبەر گری کردن هەبێت، بۆیە من دڵنیام جگەلەوەی ئەمانەش وەک هەمان چەقی لای پەراسوەکانی پێش خۆیان لەگەل مایەپوچی وناکامی ڕووبەڕوون لەهەمان کاتیشدا لەناو کۆمەڵگای ئێراقو کوردستاندا ناتوانن بەدەیان سالیش نەسەر کەوتن بەدەست بێنن و نەبچوکترین خزمەتیش بەخەڵکی چەوساوەو ستەمدیدەی ئێراق و کوردستان بکەن، وە سەرنەکەوتنی چەپەکانی پێش خۆیان وپوکانەوەو بەرەو دواچونیان مژدەی تێک شکانە بۆ ئەمانەش کەخۆیان ناو ناوە حبزبی کۆمەنیستی کرێکاری ئێراق. بۆیە باشترە چیتر دوای کڵاوی بابردوو نەکەون وچیتر خۆیان وخەڵکی سادە وساویلکەو کەم ئەزموون چەواشەنەکەن، چونکە ڕەو ڕەوەی مێژوی ڕابردووی بەناسۆشیازم باشترین بەڵگەیە بۆچەواشەکاری وهەڵخەڵەتاندنی چەوساوان وگەلانی ستەمدیدە..

جمال فتاح
2005/10/20
لەندەن